# چاوەڕوانی ڕۆڵی باشتر لە زانکۆکانی کوردستان دەکرێت

**زۆر دەگوترێ «زانکۆ رەوتی کۆمەڵگە دەگۆڕێت»، ئەوەش بووەتە هاوکێشەیەك کە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا سەلمێندراوە، لە بەر ئەوەی ئەو ناوەندە زانستییانە توێژینەوەی ورد و بابەتییانە لە سەر گشت جومگەکانی کۆمەڵگە و حوکمڕانی دەکەن، بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتن بدۆزنەوە، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو و تەنانەت تازە پێگەیشتوودا (بە کوردستانیشەوە)، زانکۆ بۆتە دامەزراوەیەك بۆ بەخشینەوەی بە لێشاوی بڕوانامە و لە ئاکامدا دەرچووانی زانکۆ تەنیا چاویان لە دامەزراندنە و ئەگەر دامەزراندن نەبوو، ئەوان بێکار و بێ بەهرە دەمێننەوە. لەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵاندا مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان لە دیدی جیاوازەوە پرسی ڕۆڵی دامەزراوەی زانکۆ لەسەر کۆمەڵگە تاوتوێ دەکەن.**

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



دکتۆر حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ، مامۆستای زانکۆیە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە زانکۆکانی کوردستان تا چەند توانیویانە رەوتی کۆمەڵگە بەرەو ژیانێکی باشتر بگۆڕن و چ کاریگەرییەکیان لەو بوارەدا هەبووە؟ دەڵێت: «بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان، خوا دەمانگرێ ئەگەر بڵێین هیچ نەکراوە و زانکۆ هیچ کاریگەریی نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین لە ئاستی خواستەکانی ئێمەدا نەبوون. سەبارەت بە کاریگەریی زانکۆ لە هەندێ وڵاتی دونیادا لە کاتێکدا ئەوان زانکۆیان هەبووە لە وڵاتی ئێمەدا چەند حوجرەیەك بۆ فەقێ و خوێندنی ئایینی و فێربوونی زانستی ئایینی هەبووە، هەرچەند من ڕۆڵی حوجرە بە کەم نازانم لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی خۆیدا و گەشەکرنی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە مێژووی زانکۆکانی وڵاتان بە سەدان ساڵ پێش زانکۆکانی کوردستانە، بۆ نموونە تاکو راپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١یەك زانکۆ لە کوردستاندا هەبووە، لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی ناوچەکە هەرچەند بەراورد بە کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژتریان لە بنیادنانی دامەزراندنی زانکۆدا هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانکۆکانی ئەوانیش نەیانتوانیوە داهێنانی گەورە بکەن و تا رادەیەك لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەکانیاندا سست بوون. لە کوردستاندا لە پاش راپەڕینەوە ژمارەیەکی زۆر بە ناسرووشتی زانکۆ و پەیمانگای ئەهلی و حکوومی کراونەتەوە، هەر وەك چۆن لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی کوردستان لە فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا دامەزران و کە ئێستا بوونەتە بار گرانی بەسەر بودجەی حکومەتەوە، ئاواش بە شێوەیەکی ناسرووشتی خەڵك ڕووی لە خوێندن کردووە، بە مەرامی ئەوەی ببێتە خاوەن بڕوانامە بە مەبەستی دامەزراندن لە دامەزراوەیەکی حکومەتدا، کەواتە ئامانجی تاکەکانی کۆمەڵگە کە دەچنە زانکۆ بۆ ئەوەیە بڕوانامە بە دەست بێنن، نەك زانست و زانیاری فێر بن، هاوکات زانکۆش بە هۆی زۆری و چەندایەتییەوە بووەتە دەزگایەك بۆ بەدیهێنانی خواستی ئەوانەی کە تیایدا دەخوێنن بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکانیان، لە لایەکی دیکەوە زانکۆکان سەربەخۆیی خۆیان لە دەست داوە و کەوتوونەتە ژێر هەژموونی کۆمەڵگەوە، بۆیە دەبینین زانکۆکانی کوردستان کەمتر بایەخ بە بەرزکردنەوەی ئاستی

زانستی دەدەن. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش دەبێت زانکۆکان هەوڵ بدەن سەروەرییەکانی خۆیان و سەروەریی مامۆستایانی زانکۆ بپارێزن و لە رووی پرۆگرام و توێژینەوەوە کار بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە بکەن و میتۆدی کارنامەیان لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنن.»

دڵشاد نامیق فەرەج، وەك مامۆستایەکی زانکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە «زانکۆ دەبێت ناوەندێکی مەعریفیی وەها بێت، کە کاریگەریی ئەرێنی بۆ دەرەوەی خۆیشی هەبێت و هاوکار بێت بۆ گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان هەستی پێ دەکرێت، زۆربوونی ژمارەی زانکۆکانی کوردستان نەبووەتە هۆی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی زیاتری کۆمەڵگە و تەنانەت پێچەوانەش بووەتەوە، بە جۆرێك کە زۆر پێش زۆربوونی ژمارەی زانکۆکان، کاریگەرییەکەی بەپێی خۆی زیاتر بوو، تەنانەت رێز و قەدری زانکۆ و مەعریفەش زۆرتر بوو.» سەبارەت بە هۆکاری ئەوەش دەڵێت: «یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە بڕوانامە و خوێندن بووە بە تیجارەت و وەك زۆربەی شتە تیجارییەکانی دی، ئەمیش گوێ بە کوالیتییەکەی نادرێت و زۆر و بۆرییەکی بێ شوماری لێ کەوتووەتەوە. هۆکارێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پێوەرێکی زانستیی ستاندارد و تۆکمە بۆ کارکردنی زانکۆکان لە وەرگرتنی خوێندکار و تەنانەت مامۆستا و وانەبێژیش، کە وایکردووە زۆر کەس کە هیچ لە ئاستی ئەوە نین بچنە زانکۆ، بەڵام لەبەر ئیعتیباراتی دی چوونەتە زانکۆ و بوونەتە هەڵگری بڕوانامەی گەورە گەورە، بە بێ ئەوەی لە ئاستی ئەو پێگە و بڕوانامەیەدا بن و بتوانن لە رێگەیەوە سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنن.» گوتیشی: «بەشێك لە زانکۆکان، یان کۆلێژەکان تەنیا وەزیفەیان بووە بە پێدانی بڕوانامە و شەرعییەتدان بەو کەسانەی پۆستیان هەیە و بڕوانامەیان نییە. لە راستیدا من پێموایە هەرێمی کوردستان ئەو هەمووە زانکۆیەی ناوێت و یەکێك لە بوارەکانی گەندەڵی بواری زانستی و مەعریفی بوونی ئەو هەموو زانکۆیەیە لە هەرێمێکی سێ و چوار ملیۆن کەسیدا، کە بە هەموویانەوە ناگەنە ئاستی زانکۆیەکی خاوەن رانکی باشی باوەڕپێکراو و نێودەوڵەتی.»

د. محەمەد مستەفا زراری، یەکێکە لەو سەدان مامۆستایانەی زانکۆ کە رایان وایە: «بێ پلانیی زانکۆکان بارگرانییەکی زۆر بۆ دەسەڵات و حوکمڕانی دروست دەکات.» سەبارەت بە تەوەری ئەم راپۆرتەش، بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەرچووانی زانکۆ گرنگیی زۆریان پێ دەدرێت و بڕوانامەکەیان بە شێوەیەك بەدەست دێنن کە بەرهەمی ماندووبوون و بە دواداچوونیانە بۆ بوارەکەیان و هەندێك توێژینەوەی زانستیی گرنگ و پێویست و سەردەمی ئەنجام دەدەن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەن هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەت گرنگییان پێ بدرێت. ئەمە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ ئاستبەرزیی ئەو کۆمەڵگەیە و بۆ ئەوەی رەوتی بەرەوپێشچوون لە وڵات بگۆڕێت.» هاوکات دەڵێت: »کەلتووری بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ ئەوەی لەو رێگەوە بتوانی کارێکت لە کەرتی گشتی دەست بکەوێت، خۆی لە خۆیدا هۆکارە بۆ دابەزینی ئاستی زانستی لە هەر وڵاتێکدا، لە هەرێمی کوردستانیش ئەوەندەی گرنگی بە کەرتی گشتی دراوە، زۆر کەمتر گرنگی بە کەرتی تایبەت دراوە. بە رای من ئەوە هۆکاری سەرەکیی دابەزینی ئاستی زانستییە لەلایەن دەرچووانی زانکۆ، چونکە کەسی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی لە کاتی دامەزراندن لە کەرتی گشتی بەبێ هیچ هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەیەك دادەمەزرێت، بەڵام لە کەرتی تایبەت ئەوەندەی زیرەکی و کارامەیی و ئاست بەرزی کەسەکە رۆڵ دەبینێت لە دامەزراندنی، زۆر کەمتر لەوە گرنگی بە بڕوانامەکەی دەدرێت. واتە رەنگە کەسێك بڕوانامەشی نەبێت، بەڵام باشتر کاری دەست بکەوێت لە کەسێکی خاوەن بڕوانامە، بۆیە زۆر گرنگە کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیی زانکۆ بکریت، چونکە زۆری و بۆریی دەرچووانی زانکۆ دەبێتە بارقورسی بە سەر حکومەتەوە، بەتایبەتی کە ئەگەر خاوەنی بڕوانامەکان کەسانی لێهاتوو نەبوون، یان لە بواری خۆیان کارامە و پڕۆفیشناڵ نەبوون.» وەك رێکاری چارەسەریش بە پێویستی دەزانێت «پێداچوونەوە بە سیستەمی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستاندا بکرێت، لە بەر ئەوەی زۆر بابەت هەن کە پڕۆگرامی خوێندنن لە زانکۆکان و کاتێکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت، بە بێ ئەوەی هیچ سوودیکی زانستی بە قوتابیی زانکۆ بگەیەنێت.» گوتیشی: «من زۆر بە پێویستی دەزانم، کار لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، پێویستیشە لە بری وانە ئەدەبییەکان گرنگیی زیاتر بە وانە زانستییەکان بدرێت.»

**هەرچەندە رۆڵی حوجرە بە کەم نازانم لە بەرەوپێشبردن و گەشەکرنی ئاستی پەروەردە و زانست، بەڵام لە هەندێ وڵاتی دونیادا لە کاتێکدا ئەوان زانکۆیان هەبووە، لە وڵاتی ئێمەدا تەنیا چەند حوجرەیەک بۆ فەقێ و خوێندنی ئایینی هەبووە**

**وڵاتانی ناوچەکە هەرچەند بەراورد بە کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژتریان لە بنیادنانی دامەزراندنی زانکۆدا هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانکۆکانی ئەوانیش نەیانتوانیوە داهێنانی گەورە بکەن و تا رادەیەک لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەکانیاندا سست بوون**

**ئامانجی تاکەکانی کۆمەڵگە کە دەچنە زانکۆ بۆ ئەوەیە بڕوانامە بە دەست بێنن، نەک زانست و زانیاری فێر بن، هاوکات زانکۆش بە هۆی زۆری و چەندایەتییەوە بووەتە دەزگایەک بۆ بەدیهێنانی خواستی ئەوانەی کە تیایدا دەخوێنن بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکانیان**



# ئافرەتانی سۆران لە گەشتێکی شاخەوانی و هەڵمەتێکی پاککردنەوەی ژینگەدا

ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە سۆران، دوای گەشتێکی شاخەوانی و لە کاتی گەڕانەوەیان هەڵمەتێکی پاککردنەوەی ژینگەیان ئەنجام دا.

ڕۆژی ٩/١١/٢٠١٩ لە پێناو پاراستن و پاکڕاگرتنی سرووشت و ژینگە و هاوکات بەهادان بە باری تەندروستی و وەرزشی خانمان، ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە سۆران، لە کاتی گەڕانەوەیان لە گەشتێی شاخەوانی، هەڵمەتێکی پاککردنەوەی ژینگەیان لە گەڵی زۆرەگڤان ئەنجام دا

گوڵان: کۆمەڵایەتی



نازەنین عەزیز بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە سۆران، لەو بارەیەوە تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «لەپێناو گرنگیدان بە تەندروستیی ئافرەت و ئاشتکردنەوەی ئافرەت بە سرووشت و ئاشتکردنەوەی رۆحی بە ژینگەی دەوروبەری، هەڵساین بە رێکخستنی گەشتێکی شاخەوانی بۆ ٥٠ ئافرەتی سنووری سۆران بە درێژایی ١٠ کیلۆمەتر لە دالاشی دەڤەری بارزان و لە گەشتەکە ئافرەتەکان شارەزای سرووشتەکە کران، لە دوای کۆتایی گەشتی شاخەوانی، هەڵمەتێکی پاککردنەوەی ژینگە و هەڵگرتنەوەی زبڵ و خاشاك ئەنجام درا و دواتر زبڵ پاشماوەکان لەناو بردران.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا ئەو جۆرە گەشتانەیان بەردەوام دەبێت؟ گوتی: «بەڵێ گەشتەکانی وەرزشی شاخەوانیمان بەردەوام دەبێت، هەروەها هەڵمەتی پاککردنەوەی ژینگەشمان بەردەوام دەبێت.» گوتیشی: «ئامانجمان زیاتر گرنگیدان بە تەندروستیی ئافرەت و دووربوونیەتی لە کۆمەڵێك نەخۆشیی مەترسیدار، کە بەداخەوە رۆژانە دەبینین ئافرەتانمان تووشی کۆمەڵێك نەخۆشیی مەترسیدار دەبن، جگە لەوەش مەبەستمان زیاتر ئاشناکردنی ئافرەتە بە سرووشتە جوان و جیاوازەکان و رەخساندنی دەرفەتێك بۆ یەکترناسین و بەهێزبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.»

مونیر ناسیح ئەندامی سەنتەری بارزان بۆ ژینگە پارێزی و شاخەوانی، لەم گەشتە شاخەوانییە هاوەڵی خانمانی بەشداربووی گەشتەکە بوو، لەم بارەیەوە دەڵێت:

بە خۆشحاڵییەوە وەك ئەندامێکی سەنتەری بارزان بۆ ژینگەپارێزی وشاخەوانی بەشداربووین، ئەویش بەمەبەستی بە کلتوور کردنی وەرزشی شاخەوانی لە کوردستان و بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە شاخەوانیدا، هەر بۆیە ئەنجومەنی ئافرەتانی سۆران یەکێتی ئافرەتان ئەم گەشتەیان رێکخست بوو کە زیاتر لە ٥٠ ئافرەت بەشداریان تێدا کرد، لە گەشتەکەماندا ماوەی ٤ کاتژمێر بەپێ رۆیشتن، نزیکەی ١٠ کم مان بڕی، زۆر سوپاس بۆ خوا کە هەموو بەشداربووان بە سەلامەتی گەڕانەوە، لە گەڕانەوەشماندا توانیمان کەمێك لە سروشت و ژینگە جوانەکەی گەلی زورەگڤان پاك بکەینەوە.

وەرزشی شاخەوانی یەکێك لە یارییە وەرزشییە قورسەکانە کە زۆرترین کالۆریی زیانبەخش لە لەشی مرۆڤدا دەسووتێنێت. هەروەها بە هۆی سەرکەوتن لە شاخەکان لە سرووشتی جۆراوجۆردا بە ژینگەی جیاواز و دڵڕفێن ئاشنا دەبن، ئەوەش لەش و رۆح و ئیرادەی وەرزشکارەکان زۆر بەهێزتر دەکات.